دواهەمین وێستگەی سەفەر

دڵکەش قادر

بە نامەنێری گشت شەمەنەفەرەکانی تەمەن بڵێ:
ئەمڕۆ نەوەستن لە چاوەڕوانیی هیچ ڕێبوارێکدا
با بێن کۆتایی هێڵەکان و
نەپێچێتەوە سەفەر جانتای هیچ دڵێک
بێئومێدی قەڵەمی ماڵئاوایی خەمخۆرێکی دەگرێتە دەست
ماندووی کۆڵانە پێچاوپێچەکانی عەشق
حورمەتی چاوەکزەکانی دایک
بێدەنگ دەرێژێ ڕووبارێک فرمێسک
کڕە کڕی کڕنۆشی غەریبیی
دەهارێ ئێسک و پڕوسکی
لەدووری منداڵ
بڵێ بەگەڕەک هێشتا زووە بۆ کۆچ
هێشتا تێر وەسفی تەمەن نەکراوە
ئەم نۆبەرەی ئازارە
مەزاری دڵتەنگیی خۆیی بووەتە ژوان
دانەنیشتوە تێر بەدڵ لە ژێر سێبەری دارتووەکانی سابوونکەران؛
نە بە بیاننووی ماندوێتی ڕێگا،
لەسەر سەکۆی بەر دەرگای ماڵە کۆنەکان،
نەیخواردۆتەوە قوومێک تاسەی ئاو لە دەستی نازداری کوڕە شەرمنەکانی

شار
نەیشووشتوتەوە بارانی پاییز ڕوومەتی
سپاردوویەتی تەنیایی خۆی بە ستراتیژکی حەسەن زیرەک
لەژێر کڵاوڕۆژنەی خانووەگڵەکانی بێدەنگی.

سلێمانیی
دڵکەش قادر